## هۆ... نوسەرە مۆدێرنەکانی کوردستان بابەس بێت قسەی سەر کاغەزو رەخنەی بی سوود ... ئیحسان مەلا فوئاد

(مەبەستم لە نووسەرە مۆدێرنەکانی کوردستان شێرزاد حەسەن ومەریوان وریاو ئاسۆ جەبارو رێبوار سیوەیلی وئاوات ئەحمەد و هەموو نوسەرەکانی تر کوردستانە) کە تەنها کارگەی قسە کردنیان خاوەن بەرهەمە ئەگینا کارگەی جوولانیان یان پەکی کەوتووە یان ئەوەتا لە دەستی دەسەلات و حزبەکانیاندایە.

هۆ زاناکانی کوردستان بۆیە ناونیشانی ئەم بابەتەم بەو شێوەیە ئاماژە پی کرد چونکە قسەی زل و نووسینە بی سوودەکانی ئێوە تەقی لە جەرگی داین و مێشکی بردین، کەچی تا ئێستاش هیچ گۆران وچارەسەرێکیش بەدی ناکرێت وهیچ نوی بوونەوەیەکیش لە سەر دەستی ئێوە نەبینراوە بەلام ئەوە نەبێت بە رۆژانە ئێمەی خوێنەرو گوی گر ئەبینین و ئەبیستین و ئەخوێنینەوە کە هەر یەکێک لە ئێوەی رۆشنبیرو نووسەری سەردەم کۆمەڵی زانیاری لە بارەی دەسەلات و حزبەکانیانەوە ئەزانن و ئەیدەن بە گویی ئێمەداو مێشکتان بردووین وبەلام هیچ شتێکی بەدی کردوومان نەبینی، لەبیریشتان نەچی هەموو کۆمەڵگا چاوی لە ئێوەیە ژیانێکیان بۆ دابین بکەن یا هیچ نەبی گۆرانێک دروست بکەن، کە چی نازانن ئێوەش هەر بە زمان و نووسین باس لە گەندەڵی و زیادەرەوییەکانی حکومەت و حزب دەکەن، باشترین نموونەش ئەوەیە کە ئەفلاتۆن دەڵێت (گرنگ ئەوە نیە کە ئەیڵێین گرنگ ئەوەیە کە کار بە ووتنەکانمان بکەین) کە مەبەستی لە بە پراکتیزە کردنی نووسین و ووتنەکانە.

ئێوەی نووسەر مەیەن قسەی رەنگاورەنگ و دڵخۆشکەری کاتی بۆ ئێمەی کۆمەڵگا بکەن بەڵکو وەرن گۆرانێک دروست بکەن و حکومەت بجوولێنن، ئەگینا ئەوباسانەی ئێوە ئەیکەن و ئەیڵێن بووەتە مەتەڵی رۆژانەو مەسئوولەکانیش لە سەر کورسیەکانیان ئەسورێنەوەو پێتان پێئەکەنن و بگرە دەستخۆشیشتان لی ئەکەن وئەڵێن ئەمانە هەر بە دەم ئەجووڵێن و بە قاچێئفلیجومردوون. هەر یەکێک لە ئێمەی ئەم کۆمەڵگایە بگرە منداڵەکەشی ئەزانن و درک بەو قسەو باسانەی ئێوە ئەکەن کە کردووتانەتە چیرۆکی رۆژنامەکان بۆیە ئەڵێم هەتاوەکوو ئێوەی پرۆفیسۆرەکانی ئەم نیشتمانە بەو قسە و ووتە زەبەلاحانە بەردەوام بن و تەنها دەمتان بجوڵێنن لە بەرامبەر ئەم حزب و دەسەلاتانەدا ئەوا گوومانی تێدا نییە هیچ گۆران و بەرەوپێشچوونێک لەم وولاتەدا بەدی ناکرێت و بگرە دارمانی رۆحیشی لی ئەکەوێتەوە لە رووی سایکۆلۆجییەوەو تەنها ئەوە نەبێت میللەت لە داخ و خەفەتی ئەو حزب و دەسەلاتە مافیایانەدا سەر ئەنێنەوەو هیچی تر، ئەی ئێوە نازانن ئەوەی ئێوە ئەیدرکێنن تەنها ئەوە نەبی ئێمەی گوومانگاوی وخەمناک کردووە هیچی تر نییە، .

ئەی ئێوە نازانن ئەخلاقی سیاسی دەسەلات رووشاوەو بگرە هەر نەشماوە کە ئێوە هەر قسەو نووسینی پێدا ئەهاوێژن، ئەی ئێوە نازانن دەسەلات گویی لی کراوەتەوەو لە گیرفانی سەرکردەکاندایەو براوە بۆ بەغدای عەرەبایەتی وگوی لە قسە خۆشەکانی نێوان شیعەو سوونە ئەگرێت، ئەی ئێوە نازانن هتد هتد شتەکانی وولات لە گۆر نراوە.

خۆ ئێمەش ئەزانین و درک بەو نووسینانە ئەکەین کە ئێوە ئەیڵێن و هەموو لە ئێوە باشتر ئاگادارین کە دوو کۆمەڵە مافیای کۆنخواز دەسەلاتدارن بە هیچ شێوەیەک دڵسۆز نین و حەز بە هیچ گۆران و نوێبوونەوەیەک ناکەن بەلام ئێمە ئەپرسین بۆ ئێوە وەکوو سەرکردەی رۆشنبیرەکان تاوەکوو ئێستا هەر بە دەم زیندوون و بەکردەوە مردوون، بە هیچ شێوەیەک نەهاتوون رابەرایەتیو پێشرەوی خەڵک بکەن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندنێک، و بەرامبەر دەسەلات و حزبەکانیان بگرن و بەرگرییەک لەکۆمەڵگا بی بەرپرسەکەی خۆتان بکەن، بەلام وادیارە ئەم بە دەس نووسین و بی کردەوەیەی ئێوە گوزارشت لەوە دەکات کە رەنگە دەسەلات خۆی ئێوەی پێشنیار کردبێتن بەو نووسینانەی کە دەینووسن و بەو مەتەلانەی کە دەیڵێن وپێیان راگەیاندوون کە ئێوە تەنها بە گووتار بیپەیڤن وبە کردەوە بنوون، بەڵکو شەرعیەت بە دەسلاتەکەیان بدەن بەوەی کە دەسلاتێکی دیموکراتخواز و ئازادی ووتن لە لووتکەدایە، ئەوەش بزانن ئەمە ئازادی رادەربرین نییە بەڵکو ئەمە حەربی نەفسیە لە گەڵ ئێمەدا دەیکەن کە ئێمە نەهامەتیەکانمان باس دەکەین و دەسەلات و مەسئوولەکانی پێمان پی دەکەنن و هەموو نوسینەکانیشمان ئەخرێتە زبڵدانی رۆژنامەکانەوە.

ئەگەر ئێوەی رۆشنبیر راست ئەکەن وبە رۆح وجەستە دژی زیادەرەوی وناعەدالەتییەکانی دەسەلاتن، با بە هەمووتانەوە کوتلەیەکی رۆشنبیری بێ لایەنی دوور لە هیچ پرسێکی حزب دروست بکەن و روو بکەنە زانکۆو پەیمانگاو شوێنە زانستییەکان و ئەو شوێنانەی کە گەنج و قوتابی لی کۆبووەتەوە بۆ ئەوەی دەسەلات بجوڵێنن و پرۆژەی زانستی تەقدیم بکەین وبۆ لە بەرامبەریشدا دەسەلات بە زەبری فشاری ئەو کوتلەیە گوێمان لی بگرێت، ئەوەشتان لە یاد نەچی منی قوتابی وگەنجی ئەم وولاتە چاوەرێی تۆی نووسەرو زانای ئەم وولاتەم رێبەرایەتیم بکەی بۆ هەر جووڵەو خۆپێشاندان وگۆرانێک، دە با ئێوەش وەکوو (گاندی) پێشرەوی کۆمەڵگا بن کە گەورەترین

شۆڕشی بەرپا کرد لە وولاتەکەی خۆیدا، دەبا هیچ نەبی وەکوو (ماکیاڤێللی) کۆتی نووسینی ووشە مووقەدەسەکان بشکێنن، یان بتوانن بچووکترین ڕەخنە ڕووبەڕووی هەر سەرکردەیەکی کورد بکەنەوە جا بزانن بە دەردی کەمالی سەید قادرتان دەبەن یان نا، ،

مەخابن ئێوە هاتوون ئەڵێن ئەوەی بڕیاری سیاسی ئدات نابێت ئەو کەسەش بێت کە بڕیاری ئابووری وئیداری ئەدات، یان ئەڵێن سیاسەتی ڕۆشنبیری بە شێوەیەک داڕێژراوە کە قازانجی حزبە نەوەک قازانجی ڕۆشنبیری ئێمە، هەموو ئەمانەی ئێوە ئەیلێن مەڵهەمێکەو ئەساوێنرێت بە جەستەی دەسەڵاتدا چونکە بە هیچ شێوەیەک دەسەڵات کوی بیستی ئێوە نییە بەڵکو ئەمان قسەی نەستەقن بو حزب ودەسەڵات ومەسئوولەکانی.

جا داوام وایە بە هەڵدا نەچن بڵێن ئەم گەنجە چەندە خوێن گەرمەو چەند پەلەیەتی لە گۆڕینی نەهامەتییەکانی ژیان، بەڵکو منی گەنج وقوتابی پەلە ناکەم ونالێم لە پڕێکداو بە یەک دوو ڕۆژ هەموو وولات وەربگەڕێنن، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ئێوەی نووسەرو زانستکار باسی گەندەڵی وجەردەییەکانی حزب ومەسئوولەکانی دەکەن. ئەی پڕۆژەتان چییە بۆ سالانی تر نەک یەک دوو ڕۆژی تر.

بۆیە لە مینبەری ئەم نووسینەوە پێتان ڕادەگەیەنم گەر ئێوە هەر بە نووسین و ووتن وجوولانەوەی دەم دەسەڵات وحزبەکانیان بخوێننەوەو بتانەوی گۆڕان دروست بکەن، و بە کردەوەش نووستوو بن ئەوا گوومانی تێدا نییە ئێوەش بە هەمان شێوەی دەسەڵات ئەکەونە بەر نەفرەتی لاوان وقوتابییان ونوێوخوازەکانی کۆمەڵگا.

-لە تەواو بوونی بابەتەکەشدا بە هاوارەوە ئەنالێنم وئەڵێم تکایە مێشکمان چوو بابەس بێت گووتاری بی سوود کردارمان پێویستە...

ئیحسان مەلا فوئاد

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان